# دۆزی راستەقینەی د.کەمال سەیید قادر لە روونکردنەوەی خووشکەکانیدا: ئاوازو گەلاوێژ سڵاوی ئێمەتان لێ بێت

نووسینی بە ئینگلیزیی : د.کەمال میراودەلیی

وەرگێڕانی بۆ کوردیی : خەتاب سابیر

کەمال سەیید قادر پێشوەخت بووەتە دیاریدەیەکی مێژوویی ، دەنگێک کە بەرەنگاریی دەسەڵاتێکی سەراپا گەندەڵ بووەوە. زۆرشت هەیە سەبارەت بەم رووداوە مێژووییە لە ئاست سیاسەتی کوردیی و ئازادیی بیروراوەربڕیندا بگوترێ و بنووسرێ. ئەم رووداوە ، دامەزراوە گەنیوەکان و دەسەڵاتی نایاسایی لەکوردستاندا سەرلەبەر هەژاند.

هاوکات پەردەی داماڵی لەرووی حیزبی سیاسیی کە کۆنترۆڵی میدیاکانیان کردووە. بە هەمان شێوەش رووی راستەقینەی ئەو میدیا بەناو سەربەخۆو ئازادانەی لەکوردستان و هەندەران ئاشکراکرد . ئەوانەیشی ئاوەڕووت کرد کە خۆیان بە رۆشنبیرو نووسەر دەزانی و میلیۆنەها وشەیان لەسەر مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای سیڤیل ( مەدەنیی ) و دادپەروەریی و دیموکراسیی نووسیوە، بەڵام بۆ پاراستنی گیرفانەکانیان و دەستکەوتە تایبەتەکانیان نەیانتوانی منگە منگێکیش بکەن بۆ داکۆکییکردن لە ئازادیی بیروڕادەربڕین ، لەهەمبەر دەسەڵاتی سەرکوتکار و دەسەڵاتی بنەماڵەکاندا .

مەبەستی ئەم وتارە شیکردنەوەی بایەخی دۆزی د.کەمال سەیید قادر نییە . ئەم چیرۆکە هێشتا تەواو نەبووە لە رووی مێژووییەوە، تازە داتاکانی دەخالەتکردن ، سەرەتاکانی بەدەرکەوتوونەو چالاکبوونە. مەبەستی من سەرنجدانە لەو دیمەنانەی

که بۆ ئازادکردنی درامای کەمال بەرێخراون، سەدان رۆشنبیر بەتایبەتیی ئەوانەی تاراوگە،دەنگیان بەرزکردەوە بۆ ئازادیی بیروڕادەربڕین و دژ بە گەندەڵیی و دەسەڵاتێکی سیاسیی پڕ لەتاوان کە لەکوردستاندا پێڕۆ دەکرێ .

ئەم رووداوە پێشهاتێکی بێ وێنە بوو لە مێژووی کورددا. لەگەڵ ئەمەشدا یان لە پشت ئەمەوە هەردوو خووشکی د.کەمال سەیید قادر ، ئاوازو گەلاوێژ لەئاڵمانیا رۆڵێکی درەخشان و سەربەرزانەیان نوواند . جێگەی سوپاسە بۆ ئازایەتیی و رامانی قووڵ و ژیرانەیان ، بۆ تێگەیشتن لە چەمکە سیاسییەکان و بڕیاردانیان لەسەری ، هەروەها گوێ قوڵاغیی و وریاییان لە ئاست تیژتێپەڕیی ئەم کەیسە بۆ قۆناغێک، کە کەمپەینێکی پشتئەستوور و ریزێکی بەرین لە رۆشنبیران و سیاسەتمەداران لایەنگرییان لێدەکەن و لە ساتێکدا بەرەنگاریی ئەو دیاریدە گەندەڵییانە و ئەو تاوانە تۆتالیتارییانە بوونەتەوە کە ئۆلیگارشیی سیاسیی لەباشووری کوردستاندا دەیکات.

لە رفاندنییەوە و دواتریش تاوانبارکردنی لە دادگایەکی تەعەسوفییدا و ئاکامەکانی ئەو بڕیارە ، خووشکانی د.کەمال زۆر لەنزیکەوە لەگەڵ کەیسی براکەیاندا هەڵسوکەوت دەکەن، ئەوان بە تاکە دەنگی راستەقینەی براکەیان و ئایدیالی بۆچوونەکانی د.کەمال ئەژمارد دەکرێن. ئەوان بەتەنیا باڵییەوە لەبەرامبەر میدیای زەبەلاحی حیزبە سیاسییەکان و هێزی پڕچەکی حیزبیی و گەندەڵییەکانیان و قەڵەمفرۆشەکانی سەر بەدەسەڵات " نووسەران و رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران " تووندوتۆل وەستاونەتەوە. میدیای حیزبەکان و ئەو نووسەرانەی بۆ بەرژەوەندەییەکانی خۆیان گیرفانیان بەدەسەڵاتەوە هەڵدووریوە، دەیانەوێ وێنای د.کەمال سەیید قادر بە ( هیچ ،شێت، دەروون ناتەواو ) بکێشن . بەم شێوەیە دەیانەوێ بڵێن شایانی سزا نییە ، شایانی سۆزە ، ئەوێکی تاوانبار بە "جنێوفرۆش " ی شایانی دادگاو یاسایەکی دادپەروەرانە و گوێلێگرتن نییە. تەنانەت هەندێکی

تر لەنووسەرانی سەر بەدەسەلاَت دەیانەوێ بە سیخووڕ لە قەڵەمی بدەن، گوایە کاری بۆ لاوازکردنی دەسەلاَتی سیاسیی کورد کردووە.

دەیان وشەی جنێو و سووکایەتیی لەو قەڵەمانەوە هاتووە ، کە دەبێ قەڵەم شەرم لەخۆی بکات ، ئەوانە بنووسێت . ئەم زبڵانە لە وێبسایتەکانی پرۆ پارتیی دیموکراتی کوردستاندا بۆ شکاندن و داماڵینی د.کەمال سەیید قادر لە سیفاتی مرۆیی و بەئەهریمەنکردنی ئەو تەخشان دەکران. تەنانەت هەندێک لەم نووسەرە ناودارانە سنوور و مەودای خۆیان لەدەسەلاَتەوە دیارییکرد . هەندێ رۆشنبیر بە تێگەیشتنی خۆیان بۆ کەمکردنەوەو بەهەندوەرنەگرتنی کەیسی د.کەمال سەیید قادر پەنایان بۆ بابەت و گرفتی سایکۆلۆژیی دەبرد، یان زمانێکی بەد و جوێنفرۆشیی ( جنیوفرۆشیی ) و سووکایەتیی ئامێزیان بەکاربردووە، بێئاگا لەوەی لەسەردەمی بەرگرییکردنە بەناوبانگەکەی سۆکراتەوە دژی سزای دەسەلاَت ، پرسیار لە " شیکردنەوە و شووناسی " ی جوێنفرۆشیی ، دادپەروەریی،راستیی،بەرژەوەندیی گشتیی...هتد سەلمێندراون کە چەمکی فەلسەفیی ئاڵۆزو بابەتی یاسایین کە تەنها بە ئۆپەراسیۆنی تەواو ئازاد و سەربەستانەو هزری مرۆڤ و سەربەخۆیی سیستەمی داد دێتە کایەوە.

لەلایەکی ترەوە، رۆڵ و چەندین ئەرک کە دەسەلاَت بۆ شیکردنەوەو خۆسەپاندن و بەکارهێنانی کۆنسێپتی ئایدۆلۆژیی بۆ پیرۆزراگرتن و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دامودەزگا و بەرژەوەندیی چێکردن دایڕشتووە ، زۆر ئاشکرایە وتوێژی زۆر هەڵدەگرێت . قوربانیی سۆکرات ، بۆ جۆرێک لە راستیی بوو لەگەڵ ستانداردێکی جیهانیی پیرۆکردن بۆ چەمکی دادپەروەریی کە بە بابەتێکی نەمر دەمێنێتەوە لە ویژدان و بەرەنگاربوونەوەی هزری مرۆڤدا . بەتایبەت هەمان کۆنسێپتی راستیی بۆ پاکانەکردنی دەسەلاَت و گەندەڵیی بەدەستێک بەکاردەهێنرێ ، بەدەستەکەی تریش

ئەشکەنجەی کەسانی بێتاوان ،یان بۆ بەکۆیلەکردنی هزرڤان و ناجۆریی بەکار دەبرێ.

هەر لایەنگرییەک و بڕیاردانێکی پێشوەخت لەسەر دکتۆر کەمال گوایە جوێنفرۆش بووە یان بارودۆخی دەروونیی تەواو نەبووە ، جگە لە داپۆشینێکی شەڕانگێزییانە زێتر و مامەڵەکردن بەو کێشەیەوە هیچیتر نییە. هاوکات پاکانەکردنیشە بۆ نایاساییبوونی دەسەڵات لەدژی ستانداردێکی یاسایی پەتیی و گیانی راستیی، هەروەها بەربەستکردنی سەربەستییە لەبەکارهێنانی زماندا بۆ دەربڕینی هەست و ویژدانێکی تەندروست لەم ئاقارەدا.

مەسەلەی بەکار هێنانی زمان و پێوەندیی بە تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتەوە لە بەرژەوەندیی ئەم کەیسەی د.کەمال سەیید قادردا ، لە وتارێکی تردا دەدەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە. بەڵام بەبێ ئاواز و گەلاوێژ ، بۆی هەبوو کەیسی د.کەمال نوقمی دەریای چاوبەستن و هەڵخەڵەتاندن و کەڕیی و بێدەنگیی ببوایە . یان نوقمی منجەمنجی فریوکارانەی میدیاکانی پرۆ دەسەڵات و پرۆ حیزب و رۆشنبیرە دروستکراوەکان ببووایە. سوپاس بۆ ئاواز و گەلاوێژ کە بەرەیەکی پتەو توندوتۆڵ لە ئازایەتیی و تژیی لە نووسەران ورۆشنبیرانی ویژدان زیندوو جێکەوت بوونە تێیدا ، دامەزراند کە بەرەنگارییەکی مێژوویی کاریگەریان لە سەر رۆشنبیرە بەتاڵ لە لەمەعریفەکان و وتاری( خیتابی ) دەسەڵات و نایاسایی دەزگا سەرکوتکەرەکان هەیە.

ناتوانم لەم وتارەدا هەموو ئەو شیکارییانە و کاریگەریی گونجاوی ئەو هاتنەناوەوەیەی هەردوو خووشک، لەسەرەتای ئەم چیرۆکە دراماوییەوە جێبکەمەوە. تەنها ئەوانە یاداشت دەکەم کە لە دوایەمین بەشدارییکردنیان لەم دۆزەدا کە لەزۆریەی ماڵپەڕە سەرەکییە کوردییەکاندا تەخشانیان کردبووەوە . لەم

بەشدارییکردنەیاندا سێ تەوەرەی سەرەکییان لە دۆزی د.کەمال سەیید قادر کردووەتە بزوتنەوەیەکی سیاسیی فیکریی ، سوپاس بۆیان کە ڕۆشنیان کردەوە .

یەکەم: ساناکردنەوەیان بۆ ئەو ئەفسانەیەی ناوی میدیای سەربەخۆیە لە کوردستانی باشووردا

دووەم : درێژەدانیان بە ڕوونکردنەوەگەلێک لەسەر ڕۆشنبیرانی سەربەدەسەڵات .

سێیەم : جەختکردنەوەیان لەسەر ئەوەی کەیسی براکەیان ، ناکرێت لەلایەن دەسەلاتەوە بشێوینرێت .

دوایەمین ڕاگەیاندنیان لەژێر سەردێڕی ( ڕوونکردنەوەیەک لەلایەن خووشکانی د.کەمال سەیید قادرەوە ، بڕیار بوو هاوڵاتی بڵاوی بکاتەوە ) دایە . لە سەردێڕەکەیەوە دیارە دوو ڕوونکردنەوەیە ، بە "سروشتیی"ش ئاماژە بۆ دوو ئەرک دەکات ! ڕوونکردنەوەیەکە کە چۆن هاوڵاتی وەک پێشڕەوی هەفتەنامە سەربەخۆکانی کوردستان ، شکستی هێنا لە بڵاوکردنەوەی وەڵامێکی هەردوو خووشکی د.کەمال سەیید قادردا ، بۆ چەند هەواڵێک کە "هاوڵاتی" پێشتر لەسەر دۆزی د.کەمال بڵاویکردووەتەوە .

بەمشێوەیە ئەو ڕوونکردنەوەیە تێکستی ڕوونکردنەوەیەکی تر لەخۆدەگرێ ، کە "هاوڵاتی" بڵاوکردنەوەی ڕەتکردووەتەوە ، بۆئەوەی نیشانی بدات کە میدیایەکی سەربەخۆ و نووسەرانی سەربەدەسەڵات چۆن لەهەوڵی بەرکەنارخستن و شێواندنی دۆزی د.کەمال سەیید قادردا ئاوێزانی یەکدی بوونەو دەستیان تێکەڵکردووە . پێش ئەوەی هەر توانجێکی تر بدەم ، ڕوونکردنەوەی خووشکانی د.کەمال سەیید قادر وەردەگێڕم ، هەروەک بڵاوبووەتەوە لەسەر ماڵپەڕی دەنگەکان و کوردستان نێتدا .

( ڕوونکردنەوەی خووشکەکانی د.کەمال ، لەزۆربەی سایتە کوردییەکاندا هەیە – وەرگێڕ )

## تەوس

ئەم روونکردنەوەیە تاقیکردنەوەو بەڵگەنەویستێکی مێژووییە بۆ رۆشنبیرانی مەزن و خاوەن بەهرە و ئەوانەی تێگەیشتنی قووڵیان بۆ پەیڤە سیاسییەکانی ئەو دوو خوشکە هەیە لەسەر دۆزێکی سەرەکیی کە ئێستا ئامبازی دۆزی د.کەمال بووە. بەپێچەوانەشەوە نیازی هەندی رۆشنبیری ژاکاو و تینوو بۆ ( میهرەبانی دەسەڵات )ی شرۆڤە کرد. بەگوێرەی ئەو دوو خووشکە، د.کەمال ناکرێت توێکاریی و پارچەپارچە بکرێت بۆ د.کەمالی ( جوێنفرۆش ، دەروونەخۆش، ترسنۆک و پەشیمانبووەوە، دیلێک لەچاوەڕوانیی سۆزدا ....هتد ).

ئەوان دەیانەوێ داکۆکیی لە بیر و دڵ وگیانی براکەیان، کە تەنها و تەنها یەک جۆر د.کەماله بکەن . دەیانەوێ داکۆکیی و پارێزگاریی لە ستاندی فیکریی و مرۆیی و کەسایەتیی براکەیان بکەن . تێرۆرکردنی کاراکتەر ، سووکایەتیی و گوشاری دەروونیی بۆ بیری ئازاد و نووسەرێکی خاوەن ویژدانی زیندوو، لەمردنێکی فیزیکیی سەختتر و پڕ ئازارترە. خووشکانی د.کەمال لە ڕێی نەستی خووشکایەتیی و بیناییەکی فیکرییەوە هەست بە مەترسیی راستەقینە لەسەر براکەیان دەکەن. لێرەوەیە رێگەنادەن هیچ کەس و هیچ دەسەڵاتێک رابێن بۆ ئەوەی کاراکتەری براکەیان تێرۆر بکات .

گرنگترین خاڵ و رەواترین هەڵسەنگاندن لە تێگەیشتنی ئەواندا ، ئەوەیە کە براکەیان دیلە ، دەستبەسەرە . بەمشێوەیە براکەیان لەهەموو ویستێکی ئازاد و سادەترین خواستی مرۆڤ داماڵراوە . لەسەر بنەمای ئەو دووپاتکردنەوەیەی ئەوانەوە ،هیچ راگەیاندنێک کە پێچەوانەی هەستی ئازاد و هەڵوێستی دەرەوەی (زیندان ) ی د.کەمال بێت ، بەتاڵ و بێ ناوەڕۆکە.

بەمشێوە هەموو ئەوانەی هەلپەرستانە شوێن و پۆستی خۆیان بەکارهێناوە و خۆیان کردووە بە دۆستی ئەو و بێدەسەڵاتیی د.کەمالیان لەزینداندا ، وەک دیلێکی ژێردەست قۆستووەتەوە ، گوایە برادەری ئەون ، بەبی ویستی د.کەمال، خۆیان کردووە بەقسەکەری ئەو و بەناوی ئەوەوە قسەدەکەن ، رێگەیان پێنادرێ بەهیچ شێوەیەک ئەوکارانە بکەن.

خووشکانی د.کەمال لەرِیی نیگەرانییەکانیانەوە زۆر بەهەستیاریی و ورەکارییەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە چۆن دەسەڵات دەتوانێ راستییەکان ئاوەژوو بکاتەوەو بە هیچوپووچیی وێنای بکات و نووسەرانی کەچبیر و هەلپەرستیش چۆنی بوێ بەکاریان بێنی. هاوکات پێدادەگرن لەسەر ئەوەی ئەوان تەنها کەسن کە دەتوانن راگەیاندن لەسەر د.کەمال بدەن . تەنانەت خودی د.کەمال ، تا کاتێک دەستبەسەر و زیندانیی بێت و رێگەی لێبگیرێت لەوەی لەبارودۆخێکی ئازادو دوور لەتۆبزیی ئاخاوتن بکات ، قسەکانی بەهەند وەرناگیردرێ . بەدڵنیاییەوە لەم هەلومەرجەدا تەنها خووشکانی د.کەمال قسەکەری فەرمیی و خواستی راستەقینەی براکەیان دەبن .

لێرەدا ناتوانم بەسەر جیاوازیی ئەو هەستی لەخشتەبردنەی نێوان کەیسی د.کەمال سەیید قادر و سەرۆکی پەکەکە ( عەبدوڵا ئۆچەلان ) دا ،پاش رفاندن و دادگاییکردنیی باز بدەم . خووشکانی د.کەمال سەیید قادر زۆر باش ئەو راستییەیان قەبڵاند ، تا کاتێک براکەیان ویستی زەوتکرابێت و ژێردەست بێت و ئازاد نەبێت، هیچ قسەیەکی ئەو بەهەند وەرناگیرێت و پێچەوانەی بیروباوەڕی راستەقینەی خۆیەتی، یان ئەوانەی بەناوی ئەوەوە قسەدەکەن ، قسەکانیان هیچ بەهاونرخێکی نییە. هەمان پرەنسیپ دەبووایە لە کەیسی عەبدوڵا ئۆچەلانیشدا بەکاربهێنرایە .

بەڵام سەرکردایەتی پەکەکە ، بەهۆی نەبوونی ئازادییەوە و وابەستەیی  و پەرستنی کوێرانەی سەرکردە دیلەکەیانەوە ، شکستیان هێنا لەوەی هیچ سەرنجێکی ژیرانە بدەن . هێشتا بەردەوامن لەوەی کە تەواوی حیزبەکەیان بە راگەیاندنی سەرکردە دیلەکەیانەوە بەڕێوە بچێت . سەرکردەیەک داماڵراوە لە هەموو ویستێکی ئازادیی ، خراوەتە ژێر چەندین گوشاری سایکۆلۆژییەوە، تەنانەت بۆی هەیە خرابێتە ژێر کاریگەریی ماددە بێهۆشکەرەکانیشەوە .

زۆربەی ئەو جارانەی کە راگەیاندن دەدات لەڕێی پارێزەرەکانییەوە، کە دیارە لەژێر چاودێرییەکی توندی دەزگای سیخووڕیی تورکدا بەڕێوەدەچێت و ڕێگە دەدرێ ئەم راگەیاندنانە بگاتە دەرەوە تەنها بۆ کۆنترۆڵکردنی ستراتیژیی پەکەکە . لەڕێی کۆنترۆڵکردنی هزرو بیری  سەرکردەکەیانەوە و دواتریش کۆنترۆڵکردنی مەکینەی سەرکردایەتی حیزب دابین دەکرێ. چەند شەرمەزارییە کە سەرکردایەتی پەکەکە ئەوەندەی دوو ژنی شەرافەتمەند و سەربەرزی کورد وریاو ژیر نەبن.

وتارەکەی د.کەمال میراودەلیی لەم دوو لینکەدایە:

http://www.kurdistanreferendum.org/viewhome.asp?Events.ID=335
http://www.kurdmedia.com/articles.asp?id=11189

24-01-2006